**ئاداری ٢٠٢٣**

# باگڕاوند و بیرهێنانەوە: پێکهاتەی چارەسەرە هەمیشەییەکانی عێراق

پێکهاتەی چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق بریتییە لە تیمی تایبەتمەندی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTF) کە لیژنەیەکی باڵای ئاراستەکردنە و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، نوێنەرانی بەخشەران و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تێدایە و ئاراستە ستراتیژیەتەکانی میکانیزمەکان دیاریدەکات و لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ حکومەتی نیشتیمانی بەشداری لە گفتوگۆکان دەکات. بۆ کارئاسانیکردن و ڕێکخستنی ئاستە جۆراجۆرەکانی هەماهەنگیکردنی پێویست بۆ گەیشتن و بەدەستهێنانی دەرهاویشتەی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DS)، تیمی تایبەتمەندی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTF) لەلایەن دوو گروپی لاوەکی سەر ئاستی نیشتیمانییەوە پاڵپشتی دەکرێت، ئەوانیش گروپی کاری گەڕانەوە (RWG) و گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG) نن. ئەندامیەتی و ئەندامبوون لە گروپی کاری گەڕانەوە (RWG) کراوەیە و لەژێر چەتری چارەسەرە هەمیشەییەکان کاریکردووە و پلاتفۆرمێکی فراوانی بۆ ئاڵوگۆڕکردن و تازەکردنەوەی زانیارییەکانی کارو چالاکی و پلانەکانی چارەسەرە هەمیشەییەکان هەبووە. گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG) پلاتفۆرمێکی بچووکتری کارکردن و لایەنی تەکنیکی بووە وەک کەرەستە و ئامرازێکی چارەسەرە هەمیشەییەکان دیزاینکراوە و دروستکراوە تا یارمەتی پرۆگرامەکان و ئیش و کارەکان بدات، ڕۆڵی لایەنێکی سەرەکی ئاراستەکردنی کار و چالاکییەکان و پلانەکانی چارەسەرە هەمیشەییەکان گێڕاوە. ئەم گروپە بۆ ٣٠ کەس (٣٠ کورسی) فراوانکرا بۆ گرتنەخۆی نوێنەرانی هاوبەشە بەشدارەکان، لەوانەش نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخراوە خۆجێیە ناحکومییەکان ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان، گروپەکانی کارکردن و کۆمەڵە و لایەنەکانی دیکە، وەک دەرئەنجامی هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدان. چارەسەرە هەمیشەییە خۆجێیەکان بەپێی ڕێنماییەکانی گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان لەڕێگەی ٨ گروپی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن (ABC) پلانی بۆ دادەنرێت و جێبەجێدەکرێت. گروپەکان لەلایەن کەسانی خاڵی پەیوەندییەکانەوە ئاراستەدەکرێن کە ئەو کەسانەی خاڵی پەیوەندییەکانیش لەلایەن ئەوانەی کە لە پرۆسەی کارکردنەکان دا ئەرکەکانیان پێدەدرێت و لەلایەن ئەو هاوبەشە بەشدارانەی کە چالاکن لە ئیش و کارەکانی چارەسەرە هەمیشەییەکان ئەرکداردەکرێن لە ناوچە و شوێنی دیاریکراو. هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن (ABC) لە نزیکەوە لەگەڵ حکومەت پەیوەندی دروستدەکات لەسەر ئاستی خۆجێی و لەڕێگەی تیمی نوێ و ئەو تیمانەی کە هەن تا ڕۆڵی پێشەنگی دەسەڵاتداران بەرز بنرخێنێت.

دوای دوو ساڵ لە دامەزراندنی (لە دوای دەستپێکردنی لە ساڵی ٢٠٢٢)، میکانیزمی چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق ئەمانەی ئەنجامداوە: ١. پێکهاتەیەک و هەیکەلیەتێکی دروستکردووە، ٢. میکانیزمی ٨ گروپی هەماهەنگیکردنی لەسەر بنەمای شوێن داناوە، ٣. ٨ پلانی کاری لەسەر بنەمای شوێن داناوە کە هەشت شوێنی دیاریکراوی بە ئامانجگرتووە، ٤. ستراتیژیەت و چوارچێوەیەکی کاری چارەسەرە هەمیشەییەکان داناوە، ٥. شیکارییەکی کردووە بۆ پێویستییەکان و وەڵامدانەوەیان کە نزیکەی ٦٠٠ گوند و شارۆچکەی گرتبووەخۆ لەسەرانسەری عێراق دا، ٦. ستراتیژیەت و ڕێنمایی داناوە بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی هەماهەنگی لە چوارچێوەی هەماهەنگیکردنی لەسەر بنەمای شوێن، ٧. گروپێ دیاریکراوی کاری لە پێشینەی داناوە لەچوارچێوەی (UNSDCF) کە میکانیزیمی پێدانی هاوکاری ماددیشی تێدایە.




وۆرکشۆپی گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG)/ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پەیوەست بە تەبایی کۆمەڵایەتی و هەستیاریەتی شەڕ و ململانێ.

# قۆناغێکی نوێ بۆ چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق دا

لە حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کارنامەی کارکردنی سەبارەت بە ئاوارەبوونی ناوخۆیی بڵاوکردەوە کە تیایدا داوای زیاترکردن و خێراترکردنی کاری بەیەکەوەیی کرد لەسەر چاسەرە هەمیشەییەکان. ڕاوێژکاری تایبەتی چارەسەرە هەمیشەییەکانیش عێراقی وەک یەکێک لەو ١٦ وڵاتە دیاریکرد کە جەختیان لەسەرە و دۆخەکەی پێویستی بە پاڵپشتی کۆنکریتیە لەلایەن حکومەتە و بۆ برەودان بە چارەسەرە هەمیشەییەکانەوە ڕابەرایەتیکردنی، دواجار ئەمەش وادەکات کە جارێکی دیکە ئاراستە و شێوازی هەوڵ و کۆششەکان دابڕێژرێتەوە لە عێراق دا.

ئەم دووبارە دارشتنەوەیەش پێویستە، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانە خێرایەی کە لە دۆخی عێراق ڕوودەدات. دوابەدوای گەڕانەوە ٥ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی لەماوەی ٧ ساڵی ڕابردوودا، ئیتر هەوڵ و کۆششەکان ڕووەو جەخت خستنە سەر ئاڵنگاری (دوایین میل) دەگۆڕێن بۆ چارەسەرکردنی ئاوارەبوونی درێژخایەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتە ئاوارەبوونانەی کە ماون. هەروەها لەگەڵ نەمانی چالاکی گروپە مرۆییەکان لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و گۆڕانی خێرای ئاستی پێدانی هاوکاری ماددی بەو وڵاتە، پێکهاتەی چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق دا پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ و زیاتر جەخت دەخاتە سەر شێوازێکی چارەسەرکردن کە لەلایەن حکومەت و لەڕووی گەشەپێدانییەوە ڕابەرایەتی دەکرێت.

بۆ ئەم مەبەستە، ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق لە ئامادەکردن دایە لەشێوەی ڕێکەوتننامەی چارەسەرە هەمیشەییەکان، کە لە ئێستادا لەلایەن ئۆفیسی هەماهەنگیکەری دانیشتووان بە بەشداری حکومەت (حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان) ئامادە دەکرێت. ئەو ڕێکەوتنە بریتییە لە پلانی خەرجی و تێچوو لەگەڵ دیاریکردنی لەپێشینەکان و ڕێککەوتی کۆنکریتی گەیاندن و ئەنجامدانی کارەکان لەماوەی ٢ تا ٣ ساڵ دا، هەروەها پابەندییەکانی حکومەتیش و نەتەوەیەکگرتووەکانیش دیاریدەکات.

ئامادەکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەسەر بنەمای پلانێکی کۆنکریتی کارکردنی نیشتیمانی، چوارچێوەیەکی کارکردنی ستراتیژی نێوان ئاژانسەکان و بنەمای ٥ی هەماهەنگی گەشەپێدانی جێگیری نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێت. لەلایەنی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئۆفیسی هەماهەنگیکەری دانیشتووان (RC) سەرپەرشتی ڕێککەوتننامەکە دەکات و لەلایەن میکانیزمی هەماهەنگیکردنی چارەسەرە هەمیشەییەکانەوە پاڵپشتیدەکرێت، لەگەڵ بەشداریپێکردنی حکومەتی فیدراڵ، پارێزگا و شارەوانییەکان.

بەمەبەستی زیاتر ڕووکردنەوە ئەوەی کە حکومەت ڕابەرایەتی بکات، چەند هەمووارێک و خۆگونجاندنێک لە پێکهاتەی چارەسەرە هەمیشەییەکان کراوە و ئامانج لێی زیاتر بەشدارپێکردنی لایەن و دەسەڵاتدارانی حکومەتە و هێنانیانە بۆ ناو کۆربەندە جیاوازەکانی چارەسەرە هەمیشەییەکان. لەوانەیە ئەمەش داوەتکردن و بانگهێشتکردنی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بگرێتەوە تاوەکو بەشێوەی نۆرەکی لەگە تیمی تایبەتمەندی چارەسەرە هەمیشییەکان (DSTF) سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکان بکەن بۆ زیاترکردنی پەیوەندی و ڕاددەی بەشداریکردنی دەسەڵاتداران، هەورەها داوەتکردن و بانگهێشتکردنی بەرپرسان لەسەر ئاستی پارێزگا بگرێتەوە تاکو ئەوانیش سەرۆکایەتی گروپی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن (ABC) بکەن و هەماهەنگی زیاتر دروستبێت لەسەر ئاستی پارێزگای خۆجێی، قەزا و ناوچە لۆکاڵییەکان دا.

دانان و ڕێکخستنە تایبەتییەکانی پێکهاتەی هەیکەلیەتی چارەسەرە هەمیشەییەکان هێشتان کاری لەسەردەکرێت تاکو بڕیاری کۆنکریتی لەبارەیانەوە بدرێت، زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڵاودەکەینەوە و دەگەیێنین هەر کاتێک بڕیارەکانی کۆتایی دران.

# پێداچوونەوەی وەرزیی: کانوونی دووەم تا ئاداری ٢٠٢٣



وۆرکشۆپی گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG)/ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پەیوەست بە تەبایی کۆمەڵایەتی و هەستیاریەتی شەڕ و ململانێ.

- گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG)/ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) وۆرکشۆپێکیان لەسەر بابەتەکانی تەبایی کۆمەڵایەتی و هەستیاریەتی شەڕ و ململانێ ئەنجامدا. ئەم وۆرکشۆپە کەسانی خاڵی پەیوەندی گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن-ی بەئامانجگرتبوو لەگەڵ جەخت خستنە سەر شیکاری شەڕ و ململانێیەکان، تەبایی کۆمەڵایەتی، هەستیاریەتی شەڕ و ململانێیەکان و ڕەچاوکردن لەبەرچاوگرتنی ئەو هەستیاریەتیەی شەڕ و ململانێ لە پرۆگرامەکان و لە راوێژکردنەکان بە کۆمەڵگە. بەشداریکردنی کەسانی خاڵەکانی پەیوەندیکردن لەم وۆرکشۆپەدا بۆ ئەوە بوو تا باسی ئەو زانیاریانە بکەن کە بەدەستیان هێناوە لە پێداچوونەوەی پلانی کاری ٢٠٢٣ دا لەبەرچاوبگیرێن و جێیان بکرێتەوە.
- گروپی لاوەکی کاروکاسبی و بژێوی ژیان یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامدا، دوای بەدوای پێدانی هاوکاری دارایی بە گروپەکە لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢. ئەو بابەتانەشی کە گفتوگۆیان لەسەر کرا بریتیبوون لە گفتوگۆکردن لەسەر سەرۆکایەتیکردنی گروپەکە، پرۆپۆزەلی ئەنجامدانی وۆرکشۆپ، ئەندامیەتی گروپە لاوەکییەکانی دیکەی پەیوەست بە کاروکاسبی و بژێوی و تەوەر و لایەنەکانی دیکەی پەیوەست بەم بابەتانەوە.
- خستنەڕوویەکی گشتی ڕاگوزەری مرۆیی، کە لەلایەن ئۆچا (OCHA) بوو لەجیاتی تیمی مرۆیی وڵات و هاوبەشە بەشداربووەکان ئەنجامی دا، ئەم خستنەڕووەش بڵاوکرایەوە و لێرە بەردەستە. ئەم بەڵگەنامەیە خستنەڕوویەکی گشتی لەسەر پێویستی و لەپێشینە مرۆییەکان دەخاتە بەردەست بۆ ساڵی ٢٠٢٣، لەگەڵ دانانی نەخشەی پێکهاتە و پلانی ڕاگوزەری مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠٢٣.
- گروپی لاوەکی چاودێری و هەڵسەنگاندن مەرج و داواکارییەکانیان بڵاوکردەوە، کە مەودا و بواریان فراوانکردبوو بۆ گرتنەخۆی ئەو کارانەی دیکەی گروپەکە کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی کارەکانی خۆیان. مەرج و داخوازییە تازەکراوەکانی گروپی لاوەکی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن لێرە بەردەستە.
- گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن لە کەرکووک، ڕۆژئاوای ئەنبار، ڕۆژهەڵاتی ئەنبار، شنگاڵ، بەعاج، و موسڵ کۆبوونەوەیەکی مێزگردیان لەگەڵ دەسەڵاتداران ئەنجامدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر لەپێشینەکان، پێویستییەکان و بۆ کەلێن و بۆشاییەکان لە شوێنەکانیان، لەگەڵ پێداچوونەوە پلانی کاری ٢٠٢٣.
- پێداچوونەکانی پلانی کار لە ئێستادا لە قۆناغی ئامادەکردنی ڕەشنووس دان لەلایەن هەموو گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێنەکانەوە پلانی کارەکانی ٢٠٢٢ تازە دەکرێنەوە. لەوکاتەی گروپی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن-ی کەرکووک ڕەشنووسی یەکەمین پلانی کاریان بۆ قەزاکانی داقوق و دبس ئامادەدەکەن دوای ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی ئەو دوو قەزایانە داوایانکرد کە ئەو گروپە قەزاکانی ئەوانیش بگرنەخۆ.
- هەروەها گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG)/ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) وۆرکشۆپێکی لە ساری موسڵ لەبارەی بەشداریپێکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخست. ئامانجی ئەم وۆرکشۆپە بۆ ئەوەبوو کە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە موسڵ لەیەکتری تێبگەین لەسەر کاروچالاکیانەی کە هاوتریبن بە چوارچێوەی کار و ستراتیژیەتی چارەسەرە هەمیشەییەکان.

## ئەو دەرئەنجامە سەرەکیانەی کە لەکۆبوونەوەی مێزگردیی گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن (ABC) دا پێیگەیشتوون

### ڕۆژئاوای ئەنبار

- نەبوونی کار و کاسبی لە ناوچەکانی گەڕانەوەدا، وەک لە قەزاکانی قائیم و ڕوومانیە، لەبەرئەوەی کە زۆربەی خێزانەکان لە جووتیاری کاردەکەن و پێویستیان بە پاڵپشتی دابینکردنی کەرەستە کشتوکاڵییەکانە و پێویستیان بە پاککردنەوەی جوگە و کەناڵەکانی ئاودێرییە.
- کەمی نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان لە ناوچەکانی گەڕانەوەدا، وەک تەندروستی، ئاو، کارەبا و پەروەردە و خوێندن.
- هەندێک لە کۆمەڵگەکان ڕێگریان لە هەندێک لە خێزانەکان کردووە لەبەرئەوەی هەستکراوە کە سەر بە داعشن، بۆیە نەهێڵدراوە ئەو خێزانانە بۆ ناوچەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، ئەمەش واتە، پێویستە هەوڵ و کۆششێکی زۆر بدرێت لەلایەن لیژنەکانی ئاشتی و ئاشتەواییەوە لە قەزاکانی وەک حەدیس و قائیم دا.
- نزیکەی ١٤٠٠ ئاوارەناوخۆیی لە بیزبی و لە شوێنە نافەرمییەکانی نیشتەجێبوون و ناتوانن بۆ ناوچەکانی خۆیان بگەڕێنەوە لەبەرئەوەی ڕێگریان لێدەکرێت لە شوێنەکانی وەک ئیوسات، عامریەی فەللوجە و عەکاشات لە قائیم.
- قائیمقام بەرپرسە لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی خاڵەکانی پشکنین و کارئاسانیکردن بۆ هاموشۆکردنی ئەندامانی گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن .

- ڕێککەوتن کە چەند کۆبوونەوەیەک بەشێوەیەکی دەوری و ئاسایی ئەنجامبدەن بۆ زیاتر هەماهەنگیکردن لەنێوان دەسەڵاتدارانی خۆجێی و ئەندامانی گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن .






## کەرکووک

- لیژنەیەکی چارەسەرە هەمیشەییەکانی سەر بەحکومەت دروستکرا، کە لە ١٤ ئەندامی دەسەڵاتە خۆجێییەکان پێکهاتبوو.
- دۆخی ئەمنی بەربەستی سەرەکی بوو لەبەردەم ئەنجامدانی کاروچالاکییەکانی لایەنە هاوبەشەکان.
- ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی ناوچەکانی گەڕانەوە بریتیبوو لە نەخستنەسەرکار، شوێنی حەوانەوەی ڕووخاو، دۆخی ئەمنی و نەبوونی ئاشتەوایی لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە هەستکراوە سەر بە داعشن.
- پاشماوەکانی جەنگ و مین لە ناوچە ئازادکراوەکان دا ماون، بۆیە دەسەڵاتدارانی خۆجێی جەختیان لە پێویستی پاککردنەوەی ئەو ناوچانە لە مین و تەقەمەنییەکان کردەوە و کار و چالاکییەکانی ئەم بابەتەیان بە لەپێشینە دانا.
- دەسەڵاتدارانی خۆجێی ئەوەشیان خستەڕوو کە هاندانی گەڕانەوەی ئەو خێزانانەی کە لەشوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی نافەرمین کارێکی لەپێشینەیە.





## ڕۆژئاوای ئەنبار

- جێگری پارێزگار سەرەنجی ئەوەی خستەڕوو کە دەسەڵاتی پارێزگای ئەنبار پابەندە بە کارکردن لەگەڵ هاوبەشانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەمیشەیی بۆ ئەو هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە لە پارێزگاکە ئاوارەبوون.
- هاوبەشانی گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن دانی بەوەدانا کە بەخشەرانی هاوکاری ماددی دابەزیوە وکەمی کردووە، بۆیە داوای لە حکومەت کرد کە ئەو بۆشاییە گرنگانە پڕبکاتەوە کە بەخشەران توانای پڕکردنەوەیان نییە.
- بەشێوەیەکی چڕ و پڕ گفتوگۆ لەسەر نیشتەجێکردن لە شوێنێکی دیکە و تێکەڵاوکردنی خۆجێی کرا وەک ڕێگە چارەی چارەسەری هەمیشەیی، لەبەرئەوەی کەسانێک هەر لە ئاوارەیی ماونەتەوە کە ناتوانن بۆ شوێنەکانی خۆیان بگەڕێنەوە لەبەر هۆکاری ئەمنی و ئابوری.
- بەرپرسی نووسینگەی ئەنباری مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەوە دا کە چەند کێشە و گرفتێک بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە بۆ ئەو خێزانانەی کە لە کامپی هۆڵەوە گەڕاونەتەوە، کە چارەسەرکردنیان پێویستیان بە هاوکاری و هەماهەنگییە لە نێوان حکومەت و هاوبەشان تا کارئاسانی بۆ دووبارە تێکەڵاوبوونەوەیان بکرێت.

- جێگری پارێزگار لیژنەیەکی پێکهێنا کە لە بەرپرسانی حکومەت و لە گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن پێکهاتبوون تا بەدواداچوون بکەن و پێشنیازی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی وەرزانەی کرد تا بەدواداچوون بکرێت لەسەر جێبەجێکردنی تەواوەتی پلانی کاری چارەسەرە هەمیشەییەکان.





## موسڵ

- گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن زانیاریان لەسەر دۆخی ئاوارەبوون خستەڕوو و باسی ئەوەیان کرد کە چۆن دۆخی ئاوارەبوون گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیووە لە شاری موسڵ لەوەتەی ساڵی ڕابردووەوە، هەروەها باسی ئەو دەستکەوتانەشیان کرد کە گروپەکان بەدەستیان هێناون لەڕووی پرۆژە و لەڕووی ئەنجامدانی هەماهەنگییەوە.
- هەروەها گروپەکە خستنەڕوویەکی گشتیشیان خستە بەردەست دەربارەی ئەو شتانەی کە لە پێشینەن بۆ ساڵی داهاتوو هەروەها باسی بەرچاو ڕوونیەکانیان کرد کە لە ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵگە دەربارەی پرۆژەکانی چارەسەرە هەمیشەییەکان بۆیان دروستبووە.
- دەسەڵاتدارانی خۆجێیش باسی ئەو کاروچالاکیانەیان کرد کە لە ساڵی ڕابردوو ئەنجامیانداون، باسی ئەو گفتوگۆیانەیان کرد کە لەگەڵ ئەندامانی گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن ئەنجامیان داون دەربارەی ئەو شتانەی کە لەپێشینەی سەرەکین، وەک پلانی داخستنی کامی جەدعە ٥ و پاڵپشتیکردنی ئەو خێزانانەی کە هەستدەکرێت سەر بەداعش بووبن.
- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانیش ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو و باسی ئەو شتانەیان کرد کە بەلای ئەوان لەپێشینەن بۆ ساڵی داهاتوو.





## شنگال

- گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن باسی بەش و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی پێکهاتە و هەیکەلی چارەسەرە هەمیشەییەکانی عێراقیان کرد، باسی ئەوەیان کرد کە چۆن کارەکانی ئەو گروپە لەگەڵ ئەو پێکهاتەیە دەگونجێت و دەستەکەوتە سەرەکییەکانی ساڵی ڕابردوو چی بوون لەڕووی ئەنجامدانی پڕۆژە و ئاستی هەماهەنگیکردنەوە.
- هەروەها گروپەکە زانیاری دەربارەی ئەو گۆڕانکارییە سەرەکیانەی کە لە دۆخی ئاوارەبوون ڕوویداوە لە قەزای شنگال لەماوەی ساڵی ڕابردوو خستەڕوو.
- دەسەڵاتدارانی خۆجێیش باسی ئەو کارچالاکیانەیان کرد کە ساڵی ڕابردوو ئەنجامیان داون و هەروەها باسی ئەو کار و چالاکیانەشیان کرد کە پلانیان بۆ داناون تا ساڵی داهاتوو ئەنجامیان بدەن و جەخت و فۆکەسیشیان لەسەر نۆژەنکردنەوەی ڕێگە و بانەکان و چاککردنەوە تۆڕەکانی ئاو و کارەبا بوو.
- هەروەها دەسەڵاتدارانی خۆجێی بەیەکەوە لەگەڵ ئەندامانی گروپەکانی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن باسی ئەو شتانەیان کرد کە کاری لەپێشینەن، لەوانەش پاڵپشتیکردنی بەردەوامی پرۆژەکان، وەک گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی کارئاسانی بۆکراوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM).





## بەعاج

- تیشک خرایە سەر گێڕانەوەی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و کاروکاسبی وەک بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم دەسەڵاتدارانی خۆجێی لە قەزای بەعاج و ناحیەی قەعتانیە.
- هەروەها تیشک خرایە سەر دەستپێشخەرییەکانی پاڵپشتیکردنی باشترکردنی ئاستی کشتوکاڵ و ئاوی پاک لەبەرئەوەی بەلای دەسەڵاتدارانەوە ئەو دوولایەنە زۆر گرنگن، لەبەرئەوەی کە ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراک بەردەوام کێشەیان هەبووە لەو قەزایەدا.
- دەسەڵاتدارانی خۆجێی باسی ئەوەشیانکرد کە کەسێک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکان دیاریدەکەن تاکو بەشداری کۆبوونەوەکانی گروپی هەماهەنگی لەسەر بنەمای شوێنی قەزای بەعاج بکات و ئاستی بەشداریکردن و پەیوەندی لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر بێت.
- گروپی هەماهەنگی لەسەر بنەمای شوێن باسی دۆخی ئێستایان کرد، کە ١٨ هاوبەشی کارا و چالاکیان لە مەرکەزی قەزای بەعاج هەیە و ١٠ شیان لە ناحیەی قەعتانیە هەیە.





# تازەترین ڕاپۆرت و سەرچاوە بڵاوکراوەکان

- **دەرخستنی پرۆفایلی چارەسەری هەمیشەیی پارێزگا**- ئەم پرێزنتەیشنە پێداچوونەوەی بۆ داتا کۆکراوەکان کرد لەڕێگەی دووبارە هەڵسەنگاندنی چارەسەرە هەمیشەییەکان و پوختەی دەرئەنجامەکانی لەسەر ئاستی پارێزگا خستەڕوو.
- پرۆفایلی پارێزگاکانی **نەینەوا، سەڵاحەددین و دیالە**- هەریەک لەو پرۆفایلانە دەرئەنجامەکانی بۆ پاڵپشتیکردنی لایەنە مرۆیی و لایەنەکانی گەشەپێدان خستەڕوو تا چارەسەرە هەمیشەییەکان بۆ گەڕاوان و ئاواران باشتر بکات.
- **پەرەی ڕاستییەکانی هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی گروپ و چینە جۆراوجۆرەکان (MCNA) دەربارەی خواست و جوڵە و گەڕانەوە لە نێو خێزانە ئاوارەکانی دەرەوەی کامپەکان**- ئەم پەرەی ڕاستیە خستنەڕوویەکی تازە لەسەر خواست و جوڵە و گەڕانەوە لە نێو خێزانە ئاوارەکانی دەرەوەی کامپەکان دەخاتە بەردەست، لەوانەش خواست و ویستی تێکەڵاوبوونەوە، جوڵە و گەڕانەوە و بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە و گەڕانەوە شکستخواردووەکان.
- ڕاپۆرتی **هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی گروپ و چینە جۆراوجۆرەکان (MCNA)-پێویستییە مرۆییەکان لە کاتی ڕاگوزەرکردن**- ئەم ڕاپۆرتە خستنەڕوویەکی گشتییە دەربارەی دەرئەنجامە سەرەکییەکانی ئەو هەڵسەنگاندنەی (MCNA).
- **لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ڕاپۆرتی ١٢٨**- زانیاری دەربارەی دەرئەنجامەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوەکان، داتا و زانیارییەکانی ئەم گەڕە لەماوەی نێوان ١ی تشرینی یەکەم تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ کۆکرابۆوە.
- **دەرئەنجامەکانی پێرستی ئاوارەبوون گەڕی ٥**- ئەم دەرئەنجامانە خستنەڕوویەکی گشتی دەخەنە بەردەست دەربارەی دۆخ و گوزەرانی ئاوارەکان لەنێوان تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ لە سەرانسەری ١٨ پارێزگای عێراق دا، لە ١٠٣ قەزا و ٢,٦٦٢ شوێنی عێراق.
- **دەرئەنجامەکانی پێرستی گەڕانەوە: گەڕی ١٧-ی**ەو دەرئەنجامانە بۆ پێوانەکردنی سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانی گەڕانەوە لەماوەی نێوان تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ لە سەرانسەری ٩ پارێزگا و ٣٩ قەزا و ٢,١٩٨ شوێنی عێراق دا.

| **کۆبوونەوەکانی داهاتوو** | | |
|---|---|---|
| کۆتای پێنج شەممەی هەموو مانگێک (کراوەیە) | مانگانە | گروپی کاری گەڕانەوە (RWG) |
| ئەندامانی تیمەکە | مانگانە | تیمی تایبەتمەندی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTF) |
| دووەمین چوارشەممەی هەموو مانگێک (ئەندامانی گروپەکە) | مانگانە | گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG) |
| بەپێی پێویستی و کارەکانی گروپەکە دەگۆڕێت (ئەندامانی گروپەکە) | مانگانە | گروپی هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای شوێن (ABC). |

بۆ زانیاری زیاتر و ئەگەر دەتەوێت کەرەستە و سەرچاوەی پەیوەست بەم بابەتانە بنێری و لە هەواڵنامەی داهاتوو بڵاوبکرێننەوە، تکایە بفەرموون پەیوەندی بە موحەممەد عوسمان بکەن لەڕێگەی ئەم ئیمێڵەوە: mohameosman@iom.int